# ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە (فراکسیون) و دیالۆگ

ڕەوتی سوسیالیستیی کۆمەڵە هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونەوە لەو باوەڕەدا بووە کە بە پێی سیاسەتێکی ڕۆشن، درگای دیالۆگێکی ئاشکرا و شەفاف لەگەڵ ئەو هەڵسووڕاوانەی کە پێوەندی ڕێکخراوەییان نیە، هەروەها لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە بە ناوی کۆمەڵەوە چالاکی سیاسییان هەیە، بکاتەوە. مەبەستمان لەو کارەش ئەوە نیە کە لەم نێوانەدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە سیاسەتەکان، بیروبۆچوونەکان و ئەو ڕێوشوێنە عەمەلی و بەرنامەییانەی خۆمان و ئەو ڕێکخراوانەی دیکە بدۆزرێنەوە، ئەمجار چەنەیان لەسەر لێ بدین تا بەڵکوو بە یەکگرتووییەکی فیزیکی بگەین. بەڵکو لە ڕاستییدا کردنەوەی درگای دیالۆگ و وتووێژێکی جیدی، ئاشکرا و ڕۆشنە لەسەر وڵامدانەوە بۆ پێویستییەکی بە کردەوەی مێژوویە کە ئەمڕۆ لەبەر دەم چەپێکی سوسیالیستی لە کوردستاندا قەراری گرتووە. چەپێک کە ئەرکە مێژووییەکانی خۆی لەم دەورانەدا بناسێ، زمانێکتی ئەمرۆیی هەبێ، دەرسی لە ئەزمونەکانی رابردوو وەرگرتبێ، هەروەها لە هەولی ئەوەدابێ بۆ نەهێشتنی شێوازی کۆن و لە پێناو بە دەستەوەدانی شێوەکار و ڕێبازێکی نوێ، سیاسەتێکی رەخنەگرانەی پێشرەوی جیدی و کراوە لە هەڵسوکەوتی تا ئێستای خۆی بباتە پێشەوە. ئەمەش پێویستی بە ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی ڕۆشن و ئاڵوگۆڕ پێکهێنەر هەیە.

ئێمە پێمان وایە ئەو وڵامانەی کە تا ئێستا هاتوونەتە گۆڕ نە تەنیا نەیانتوانیوە قەیرانی چەپ بە گشتی و قەیران لەناو کۆمەڵە بە تایبەت چارەسەر بکەن، بەڵکو گیروگرفتی زیاتریشیان پێکهێناوە و قەیرانەکەش هەر درێژەی کێشاوە. ئەو وڵامانەی تا ئێستا یان چۆتە ناو خانەی بەهێزکردنی مەیلی "ڕاستئاژۆیی" و لاوازکردنی چەمک و گوتاری سوسیالیستی لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا، یان ئەوەتا بۆتە پاساوکار بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی سوسیالیسمێکی خۆپارێز لە ناو ریزەکانی کۆمەلەدا.

ئێمە لەو باوەڕەداین کۆسپی سەرەکی بەردەم دیالۆگێکی بەکەڵکهاتووی جیدی ئەو مەیل و بۆچوونە خۆپارێزەرانەیە کە نایەوێ خۆی لە قەرەی دیالۆگێکی ڕێپیشاندەر و بە بەرهەم بدات، هەروەها ڕەخنەی رووکەشیانە و سادەخوازانە لە چەمکی سوسیالیسم لە کوردستان ـ کە ئاڵوگۆڕی کۆتاییەکانی سەردەی رابردوو بوارەکانی بۆ خولقاندووە ـ کۆسپێکی دیکەیە لە بەردەم بەرێوەچوونی ئەو ڕەوتە. سەرەرای ئەم وەزعەش پێمانوایە کە ئێستا هەلومەرجێکی لەبار بۆ هێنانەپێشەوەی دیالۆگێکی ڕێپیشاندەر لە پێناو بەهێزکردنی گوتار و چەمکی سوسیالیستی و گوڕوتین بەخشین بە ریزەکان و مەیلی سوسیالیستی نوێ لە ئاستی کۆمەڵگای کوردستاندا پێکهاتووە. جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان کە لەم دواییانەدا لە کوردستان سەریان هەڵداوە، ئەزمون و مێژوویێک کە چەپی سوسیالیستی لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەدا تێیپەڕاندووە، گەشەی کۆمەڵگای کوردستان هەروەها هەڵدانی ڕوانگەی نوێ لەسەر شێواز و ئامانجەکانی چالاکی خەباتگێڕانە و چۆنیەتی گەیشتن بەو ئامانجانە هەموویان بواری لەباریان بۆ بەرەوپێشچوون پێکهێناوە. گرینگ ئەوەیە کە هەموو لایەنەکانی ئەم جموجوڵە نوێیە کە بە شوێن وڵامێکی تازەوەن بە وردی سەرنج بدەنە ئەو ئاڵوگۆڕانە و بە پێی گۆڕانکارییە نوێکان هەنگاو هەڵبگرن.

جێگای خۆیەتی ئاماژە بەم لایەنەش بکەین کە مەسەلەی دیالۆگ بۆ ئێمە وڵامدانەوەی رووکەشیانە بەو مەیلە یەکگرتووخوازانەیە نیە کە بە وردی ئاوڕ لە هۆکارە سەرەکی و ڕاستەقینەکانی ئەم قەیرانە ناداتەوە ـ گەرچی زۆربەشیان نییەت و مەبەستی باشیشیان لە پشتەوەیە. بەڵکوو ئامانجی ئێمە بزوتن و چالاکییەکی نوێیە لە هەموو ئاستێکی بە کردەویی و ڕاستەقینەی خۆیەتی، ئەویش لە پێناو سازکردنەوەی چەپێکی گۆڕدراوی سوسیالیستییە بە بنەمایەکی پتەوی فکری و بەکردەوە لە ناو جەرگەی کوردستان و ریزەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا. لە گەڵ هەمەموو ئەوانەشدا دەزانین و ئاگامان لەوە هەیە کە بەشێکی زۆری

گرێوگۆڵ و نارۆشنییەکانی بەردەم بزوتنەوەی سوسیالیستی رەگ و ریشەیان لە بوارێکی گشتیتردایە کە بەرەورووی تێکڕای بزوتنەوە چەپ و سوسیالیستییەکان لە ئاستی جیهانیدا بۆتەوە و تەنیا هەر لەو ئاستەشدا دەتوانێ وڵامی گونجاوی خۆی وەربگرێتەوە. لە هەمانحاڵیشدا بڕوامان بەوە هەیە کە رەوتی سوسیالیستی ئەم دواییانە لە کوردستان کە تێکەڵ بە مێژووی کۆمەڵەیە ئەوەندەی ئەزمونی باشی مێژوویی هەیە کە بتوانێ ببێتە سەرمایەیەکی باش بۆ بڕینی سەرکەوتوانەی ئەم رێگایە.

ئێمە هەروەها لەو باوەڕەداین بەشێکی زۆری کادر و ئەندامانی پێشوی کۆمەڵە کە هەر کامیان بە هۆی جۆراوجۆرەوە دەستیان لە کاروهەڵسوڕانی راستەوخۆی رێکخراوەیی کێشاوەتەوە، ئەو هەزاران ئینسانە خەباتگێرانەی ناو کۆمەڵگای ئێران کە خۆیان لە ناو کۆمەڵەدا دەبیننەوە، هەروەها هەر کام لەو رێکخراوانەی کە بە ناوی کۆمەڵەوە هەڵسووڕانی سیاسییان هەیە (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رێکخراوی کوردستانی حیزبی کمونیستی ئێران - کۆمەڵە و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) سەرەڕای سیاسەتەکان، بیروبۆچوونەکان، ئەو رێگا عەمەلی و بەرنامەییانەی کە گیراونەتە بەر و دەتوانی لە ئاستی جوراوجوردا جیاوازیمان لە گەڵیان هەبێ - لە بازنەی ئەم دیالۆگەدان.

ئێمە پێمانوایە بەکارهێنانی بیروتوانی گشتی رەوتی بەرینی کۆمەڵە - بە دوور لە هەرجۆرە سکتاریسم و خۆهەڵکێشانێک - دەتوانێ بەشێکی زۆر لەو گومان و پرسیارانە وڵام بداتەوە و رێگای دەربازبوون لەم وەزعییەتە و گەڕاندنەوەی ڕەوتی کۆمەڵایەتی چەپ و سوسیالیستی لە کوردستان بۆ شوێنی ڕاستەقینەی خۆی خۆش بکات. ئێمە لەم رێگایەدا تێدەکۆشین پرۆژەیەکی کارییمان هەبێ و بۆ وەگەڕخستنی رەوتی دیالۆگێکی ئەوتۆ هەموو هەوڵی خۆمان بخەینەگەڕ.

**٢٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩**

**بەرابەر بە ٢٨ی خەزەڵوەری ١٣٨٨**